Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090102

# بیری نەتەوایەتی وبەرەنگاربوونەوە لە کورتە چیرۆکی کوردیدا بەنمونەی (کۆی کورتەچیرۆکەکانم) ی عەبدوڵلا ئاگرین

ارام محمد عبدالله

بەشی کوردی // کۆلێژی زمان // زانکۆی سەلاحەدین

عەبدوڵلا ئاگرین

بەشی کوردی // کۆلێژی زمان // زانکۆی سەلاحەدین

*Article Info*

Received: January, 2022
Accepted : February,2022
Published :April ,2022

*Keywords*

**بیری نەتەوەیی ، بەرەنگاربوونەوە ، ڕەنگدانەوە و کاریگەربوون .**

*Corresponding Author*

[illegible]

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (بیری نەتەوەیی و بەرەنگاربوونەوە لە کورتە چیرۆکی کوردیدا بەنمونەی (کۆی کورتە چیرۆکەکانم) عەبدوڵلا ئاگرین) ، هەوڵێکە بۆ ناساندنی زاراوەی (نەتەوە ) و (نەتەوایەتی) و(بەرەنگاری)و چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئەم دووچەمکە لەڕووی مێژووییەوە ، ڕەنگدانەوەی (بیری نەتەوەیی)لەئەدەبی نوسراو و هەروەها (بەرەنگاری) یش بەنمونەی لە ئەدەبی سەرزاری وەرگیراوە و دواتر هەردوو چەمك لێکدانەوەی بۆکراوە لەنێو کورتە چیرۆکەکان . چونکە پەیوەندییەکی بەیەکەوە بەستراو هەیە لەنێوان هەردوو چەمك و جێکەوتەیەکی گرنگی هەیە لە ناو کورتە چیرۆکی کوردیدا .

**پێشەکی**

١ )ناونیشانی توێژینەوە :

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتی لە (بیری نەتەوایەتی وبەرەنگاربوونەوە لە کورتە چیرۆکی کوردیدا بەنمونەی(کۆی کورتەچیرۆکەکانم) ی عەبدوڵڵا ئاگرین ، هەوڵێکە بۆ ناساندنی بیری نەتەوەیی و بەرەنگاربوونەوە کەلەنێو کورتە چیرۆکەکاندا دەست نیشانمان کردوون .

٢)ڕێبازی توێژینەوەکە :

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی (وەسفی –شیکاری) مان گرتۆتە بەر.

٣) سنوری توێژینەوەکە :

سنوری ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە (کورتە چیرۆکی کوردی لەشێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست ) ، لەم شێوەزارەدا تەنها نمونەی یەك چیرۆکنووسمان وەرگرتووە .

٤) گرنگی توێژینەوەکە :

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە کە هەردوو چەمکی (بیری نەتەوەیی ) و (بەرەنگاربوونەوە) لە یەك بابەتدا کۆکراوەتەوە لەسەر کورتە چیرۆکی کوردی .

٥) ئامانجی توێژینەوەکە : دەستنیشانکردن و دۆزینەوەی شێوازەکانی هەردوو چەمکەکەلەنێو کورتەچیرۆکی کوردی چونکە بەتەواوکەری یەکتری دادەنرێن .

٦) هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە :

ئەگەرسەیری توێژینەوەکانی پێشوو بکەین سوودیان لەیەك لایەن وەرگرتووە ولایەنی پراکتیکیش لە دیوانی شیعری شاعیراندا باسکراوە ، بەڵام ئێمە هەردوو چەمکەکەمان لەیەك بابەت کۆکردۆتەوە و کایەکەمان لەشیعرەوە گواستۆتەوە ناو هونەری کورتە چیرۆکی کوردی و لایەنی پراکتیکیش هەر لەسەر کورتە چیرۆك ئەنجام دراوە .

٧) پلان و ناوەرۆکی توێژینەوەکە :

ناوەرۆکی توێژینەوەکەمان پێکهاتووە لە دووبەش ، لەبەشی یەکەمدا باسمان لە (نەتەوە ) و(نەتەوەیی ) و (ناسنامەی نەتەوەیی) مێژووی سەرهەڵدانی (بیری نەتەوەیی) کردووە و لە دواتر ئاماژەمان ڕەنگدانەوەی ئەم چەمکە کردووە لەئەدەبیاتی نوسراو لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا، لەتەوەری دووەمدا باس لەرووی زاراوەوە لەچەمکی (بەرەنگاربوونەوە) کراوە ، بۆ (بەرەنگاربوونەوە)ش نمونەی (داستان) لە ئەدەبی فۆلکلۆری وەرگیراوە ، لەبەشی دووەم -تەوەری یەکەم تەرخانکراوە بۆ (دەستنیشانکردنی بیری نەتەوەیی لەنێو کورتە چیرۆکەکاندا ) و تەوەری دووەمیش تەرخانکراوە بۆ دەست نیشانکردنی (شێوازی بەرەنگاربوونەوە ) لە هەمان کورتە چیرۆك و دواتر چەند ئەنجامێکمان بەدەست هێناوە لەگەڵ ڕێزکردنی ئەو سەرچاوانەی کەسوودمان لێ بینییوە ، لەگەڵ ئاماژە کردن بە پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی (عەرەبی و ئینگلیزی ) .

(بەشی یەکەم )

**تەوەری یەکەم(١-١) : بیری نەتەوەیی و چۆنیەتی سەرهەڵدانی ؟؟**

چەمکی بیری نەتەوەیی یاخود(ناسیۆنالیزم) یەکێکە لەو چەمکانەی کەلەناو هەموو میللەتاندا بوونی هەبووە ، بەڵام پێرەوکردن و پابەندبوون بە ناوەرۆکەکەی دەتوانین بڵێین دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی ، دوای ئەوەی ئەو نەتەوانەی کە ژێر دەست بوون لەڕوانگەی پابەندبوونیان بە بیری نەتەوەیی توانیان وەك فریادڕەسێك بگەن بە مافی چارەنوسیان ، کۆکردنەوەی دەسەڵاتی عوسمانی لە تورکیای ئێستا و بەرزکردنەوەی دروشمی کەمالیزم وداگیرکردنی وولاتانی دەروبەرلەلایەن وولاتە زلهێزەکان، چەندین هۆکاری تر کاریگەریان هەبوو بۆ چەکەرەکردنی ئەم بیرە لەناو نەتەوەی کورد و عەرەب .

**(١-١-١) : نەتەوە** : پێکهاتووە لە (چوارچێوەیەکی جێگر لەڕێرەوی مێژوویی خۆیدا لە زمان وخاك و ژیانی ئابووری و پێکهاتەی سایکۆلۆژی کەلەرەوشتی فەرهەنگی دا خۆی دەنوێنێت ، گەشەی کردووە) ( ئەکرەمی میهرداد ، ٢٠٠٦، ١٢) ، هەروەها لەفەرهەنگی(هەمبانە بۆرینە)ی هەژاردا هاتووە کە (نەتەوە : تۆرەمە : ڕەگەز : مرزندی فرزند ، نژاد ،نسل ، نوادە) (هەژار،١٣٦٩، ٨٧٩) ، کەواتە نەتەوە کۆمەڵە کەسانێکن لەسەر خاکێکی دیاریکراودا دەژین و کۆمەڵە فاکتەرێك بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە کە بەپێکهێنەری نەتەوەیی دژمێدرێن ، ئەوانش (زمان ، خاك ، کلتور، مێژوو ، تێڕوانین بۆ پرسەکان و مافی چارەنووس ) .

**(١-١-٢) : نەتەوەیی** : سیفەتێکی دیاریکراوە دەردرێتە پاڵ کەسێك کە خەسڵەت و خەمخۆری نەتەوەیی خۆی بێت و ئەرکی سەرەکی ناساندن و پاراستنی نەتەوەکەیی و ناسنامەکەیەتی ، ئەم بابەتە هەندێ جار سەردەکێشێ بۆ بابەتی (دەمارگیری نەتەوەیی) و، جگە لەمەش زیاتر پەرەدەسێنێ و پەل دەهاوێ بۆ بابەتی (شۆڤێنی نەتەوەیی) ، بۆیە مەرج نییە (نەتەوەیی) سیفەتێك بێت لەناو هەموو تاکی نەتەوەدا جێگیربێت ، خەسڵەتی جیاکەرەوەی ئەوەیە کە مرۆڤی نەتەوەیی بەرژەوەندی گشتی ڕەچاودەکات کە خزمەت بە نەتەوەکەی بکات لەبری بەرژەوەندی تاکەکەسی و تێدەکۆشێ بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوایەتییەکەی .

**(١-١-٣) : ناسنامەی نەتەوایەتی**: ئەم ناسنامەیەیە کە مەبەستی ناساندنی (کلتور و مێژوو) ی نەتەوەیە ، وەکو هۆکارێك بەکاردەهێنرێ بۆ مانەو و برەودان بە خودی نەتەوەکە لەئاست نەتەوەکانی دەروبەری، کۆنتاکتی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ (پێکهێنەرەکانی نەتەوە) ، هەر پێکهاتەیەکی نەتەوەیی مەترسی بگاتە سەری ، ئەوا ڕەنگدانەوەی لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی دەبێت ، بۆیە لەگەڵ هەبوونی سیفەتی (نەتەوەیی ) دەبێت (هۆشیاری نەتەوەیی) هەبێت کە ئەمەش دەبێتە بەشێك لە (هۆشیاری مێژووی لە پێناو مانەوە و برەودان) .

**(١-١-٤) : مێژووی سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی** : ئەگەر بمانەوێت (بیری نەتەوەیی) ببەستینەوە بە مێژوویێکی دیاریکراو ئەوا دەبێتە لەقاڵبدانی، ئەمەش پێچەوانەی بنەماکانی خودی نەتەوەیە ، بەڵام هاوکات دەتوانین هەندێ هۆکار دەست نیشان بکەین کەوەك بنەما خۆی نیشان بدات ، بەتایبەتی ئەو گۆڕانکاری و پێشهاتانەی کەلە ئەوروپا لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بەسەری هات ( بیری نەتەوایەتی نوێ لە ئەنجامی بیرێکی فەلەسەفی و تیۆری و هۆکاری ئابووری دەستنیشانکراو هاتۆتە ئارا ، بەڵکو ڕەگ و ریشەی مێژوویی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئەم فاکتەرانە ، بەواتایەکی تر وەکو بیر هەبووە ، بەڵام هەستکردن پێی بزر بووە ، بۆیە خاڵی سەرەکی ئەم بیرۆزەیە بەئاگاهێنانەوەی ئەم هەستە بووە ) (عبدالعظیم رمضان، بێ ساڵی چاپ، ٣٣) .

دوای جەنگی (چاڵدێران١٥١٤) هەردوو نەتەوەی (فارس وتورك) ی ئەو سەردەم توانیان بەهۆکاری دابەشکردنی کوردستان لەنێوان خۆیاندا لەڕێگای پشت بەستن بەبیری مەزهەبی ( شیعە و سوننە) توانیان پارێزگاری لە نەتەوایەتی خۆیان بکەن و لەو ساتەوە هەوڵدراوە بۆ ئەوەی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان دروست بکەن ، لە ئەوروپاش هەڵمەتی رزگارکردن دەستی پێکرد کە باکگراوندێکی ئاینی کرستیانی هەبوو هەم هاوکات بۆ ئەو نەتەوانە بوون کەلەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی دەیان ناڵاند ، بۆیە بەمەبەستی رزگاربوون و سەرهەڵدانی چاکسازی نەتەوەیی رێگە خۆشکەر بوو بۆ چەکەرەکردنی بیری نەتەوەیی لە وڵاتانی تر ، هەروەها بیری نەتەوەیی فەرەنسی و بیری نەتەوەیی ئەڵمانی توانیان پەل بهاوێن بۆ ناوچەکانی ئەوروپا ، بۆیە بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی چەندین پارت و رێکخراو دامەزران بەناوی بانگەشەی ئازادبوونی نەتەوەکان ، لەدوای ئەم جەنگەوە نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتەواوی گۆڕانکاری بەسەرداهات و ئەگەر نمونەی دەوڵەتی تورکیا وەربگرین لە ناسیۆنالیزمی رزگارکەر گۆڕا بۆ (ناسیۆنالیزمی شۆڤێنی و چەوساندنەوە) چونکە ( عوسمانیزم تا سەرهەڵدانی کەمالیزم وورده وورده پاشەکشە دەکات و دوا جار کەمالیزم لەمێژوودا ڕەشی دەکاتەوە ، واتە ناسیۆنالیزمی نەژادی لەچوارچێوەی کەمالیزمدەکەوێتە کار ) (قیس جواد العزاوي، ٢٠٠٧، ١٤) .

سەبارەت بەنەتەوەی (عەرەب) بەرلەهاتنی ئاینی ئیسلام خاوەن عەقڵیەتێکی خێڵەکی ئەوپەڕی دواکەوتوویی بوون ،بەهۆی شوانکارەیی و بازرگانی خۆیان بەڕێوە دەبرد تەنانەت دابەزینی قورئانی پیرۆزیش بۆ ئەوەبووە کە عەرەب ئاشنا بکات بە عەقڵیەتی نوێ و لەگەڵ سەردەم خۆیان بگونجێنن ، لەپاڵ درێژکراوەیی دەوڵەت هەست دەکری عەقڵیەتی شۆڤێنیەت پەرەدەسێنێ ، دوای ئەو گۆڕانکاریانەی ئەوروپا ، بێگومان کە هاو سنورە لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی تیشکی ئەم رووناکیە گەیشتە ناو وڵاتانی عەرەبی ، بۆیە پەلاماردانەکانی وڵاتانی ئەوروپایی بۆ وڵاتانی عەرەبی سەری هەڵدا ، تەنانەت ئەوروپا هەر بەمەندە نەوەستا ، بەڵکو ئەو عەرەبانەی کە بیروڕای ئاینیان جیاواز بوو بەتایبەتی ( کریستیان و بێ باوەڕەکان) لەلایەن ئەوروپاوە قۆستراونەوە بۆ ئەوەی بانگەشەی مافی مرۆڤ ومافی نەتەوەکان بکەن بەمەبەستی پاراستنیان، بۆ ئەم مەبەستە چەندین ناوی عەرەبی ئەو سەردەم هەوڵیان داوە کە چەندین ڕێکخراو و پارتی سیاسی و کۆمەڵەی جیاواز پێك بهێنن بەمەبەستی بانگەشە کردن بۆ بیری نەتەوایەتی عەرەبی ، لەوانەش ( ساطع الحصري و بطرس بستاني و .....چەندانی تر).

ئەگەر سەیری (بیری نەتەوەیی) بکەین لەناو نەتەوەی کورد ، هەست بەوە دەکەین کە خۆی بدۆزێتەوە لەناو ( گوتاری نەتەوەیی ) ، ئەو گوتارەی کە مێژوویێکی دوورو درێژی هەیە ، بۆیە ئەگەر هی ئەوروپا بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی رووناکبیری ڕینیسانس ، ئەوا هی نەتەوەی کورد دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویێکی زۆر درێژتر ، بەڵام کارەسات لەوەدایە کە کورد لە کۆنەوە مێژووی تۆمار نەکراوە و ئەوەی تۆماریش کراوە بەپەنجەی دەستی دەژمێردرێن ، بەڵکو هەوڵدراوە هەردەم مێژووی کورد بەلاڕێ دابرێ و ناسنامەی نەتەوەیی بشێوێندرێ ئەمەش هاوبەشی کردنە لەمێژوو و دەگەڕێتەوە بۆ ئەو عەقلێەتە شۆڤێنییەی کە جگە لەخۆی نایەوێ هیچ نەتەوەی تر سەردەست بێت، بۆیە لێرەدا نابێت رۆڵی میرنشینە کوردیەکان فەرامۆش بکەین ، هەرچەندە ئەم میرنشینانە خاوەن گوتار و فەلسەفە و ئایدیای جیاواز بوونە و نەیان توانیوە یەکتری بخوێننەوە ، بەڵام هاوکات رۆڵیان هەبووە لە بەرز ڕاگرتنی سیمای نەتەوەی کورد ، کەواتە بیری نەتەوەیی لای هەموو کوردێك هەبووە ، بەڵام بارودۆخ رۆڵی سەرەکی هەبووە لە چۆنیەتی دەربڕینی ئەم بیرە،

کەواتە ئەگەر بەمێژووودا بچینە خوارەوە هەست دەکەین ( بیری نەتەوەیی ) لەلای کورد بە دوو شێوازخۆی نواندووە ، ئەوانیش :

١-**بیری نەتەوەیی ڕەسەن** : ئەم جۆرە بیرو بۆچوونەیە کە ڕەگ و ریشەی خۆماڵێەو دەگەڕێتەوە بۆ ناو نەتەوەی کورد ، ئەم بیرە بەوە جیواز دەکرێتەوە کە گوزارشت لە ئێش و ئازاو نەهامەتییەکانی نەتەوەی کورد دەکات و لەپاڵ ئەو چەوساندنەوانەی کە دەرهەق بە بەبەرامبەری کراوە ، بۆیە ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە ( ناسیۆنالیزمێکی دروست و ساغڵەمە ، ئاین ئاراستەی دەکات و بنەماکانی گوزارشت لە بنەماکانی ئاینی و کلتوری کۆمەڵگا دەکات ) (سەڵام ناوخۆش ، ٢٠١٦، ٨٣) .

٢-**بیری نەتەوەیی گواستراوە** : ئەم جۆرە بیرەیە کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەرەوەی کومەڵگای کوردی و لەنەتەوەی تر خواستراوە ، بێگومان ئەمەش لە ئەنجامی کاریگەربوون و هۆیەکانی ڕاگەیاندن یاخود زمان یان سیاسەت ، هەروەها ئەو ڕووداوانەی دەروبەرو و ئازابوونی نەتەوە ژێردەستەکان و بازرگانی و لایەنی ئابووری ..تاد هاتۆتە ناو کورد و ئەم بیرە بیری ڕەسەن نییە ، بەڵکهو بنەماکانی وەرگیراوە و لەگەڵ نەتەوەی کورد گونجێنراوە .

هەر لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بیری نەتەوەیی گواستراوە بیکەین بە دوو بەشەوە ، ئەوانیش :

أ- ناسیۆنالیزمی ئایدۆلۆژی وەرگیراو[1] : لێرەدا مەبەست چەسپاندنی ناسیۆنالیزمە وەگ بیرێکی ئایدیالۆژی ، واتە چەند ئایدۆلۆژیایەك بەکاردەهێندرێ بۆئەوەی گەیـــــشتن بە چەمکی (ناسیۆنالیزم).

ب- ناسیۆنالیزمی بزافی سیاسیی : لێرەدا ناسیۆنالیزم وەك بزافێکی سیاسی خۆی نیشان دەدات ئەمەش ڕەوتێکی گشتی یە و ماوەیەکە هاتۆتە ئارا .

**(١-١-٥) : ڕەنگدانەوەی (بیری نەتەوایەتی) لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا :**

لەبەر ئەوەی یەکەم بەرهەمی جێماوی ئەدەبی کوردیمان دەگەڕێتەوە بۆشیعر ، بۆیە هەست دەکەین لەناو شیعری کوردی دا ڕەنگی داوەتەو و ڕەگی داکوتاوە ، شاعیرانی سەردەمی کۆن درکیان بەم بابەتەوە کردووە و بۆیە چ بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ خزاندوویەتیانە ناو شیعرەکانیانیانەوە .

ئەگەر سەیری توێژینەوەکانی پێشوو بکەین دەبینین دامەزراندنی بیری نەتەوەیی دەگەڕێننەوە بۆ شیعرەکانی (ئەحمەدی خانی) ،ڕاستە شیعرەکانی شاعیری ناوبراو بەتایبەتی لەکاتی نوسینی داستانی (مەم و زین) دا ئاماژەی بەبیری نەتەوایەتی کردووە ، بەڵام بەڕای ئێمە ئەم بەیانکردنە دەبێتە لایەنی پراکتیکی لە ئەدەبی کوردیدا ، چونکە بەر لە ئەحمەدی خانی شاعیری ترمان هەیە کە شیعرەکانی بەرو ئاقاری ( بیری نەتەوەیی) دەڕوات ، لەوانەش ( عەلی حەریری ١٥٣٠-١٦٠٠) لە شیعرێکی دا باس لەوە دەکات کە یارەکەی بەپیرۆزتر دادەنێ لەهەردووشای ( سەفەوی ) و (عوسمانی) ، ئەمەش

[1] بۆ ئەم دابەشکردنە سوود وەرگیراوە لە کتێبی ( ناسیۆنالیزمی کوردی و زمانی کوردی) ی د. سەڵام ناوخۆش ..

ناڕاستەوخۆ بانگەشەیە بۆ بیری نەتەوەیی ، هەروەها ئاماژەیە بۆ داگیرکاری ئەم دوو نەتەوەیە کە کوردستانیان دابەشکردووە ، بۆیە دەڵێ :

( نەقشی و نیگاری نەققاشان
دیوان و وەسفێت شاوشان
هەی هەی ل جوتێت پادشان
عەجەب خۆش و سەردی دکەن ) ( د.مارف ، ٢٠٠٥، ١٦٥) .

لەدوای ئەو رۆڵی (مەلای جزیری١٦٠٧-١٦٤٠) دێت ، کەلەشیعرەکانیدا بەئاشکرا هەست بە بیری نەتەوەیی دەکەین ، بەتایبەتی لەم دێڕە شیعرەیدا کە شانازی بە خۆیەوە دەکات و دەڵێ :

(گولی باغی (أرم) ی بوهتانم
شەب چراغی شەبی کوردستانم )   (صادق ، ١٩٧٧، ٥٠٩) .

دەتوانین بڵێن ئەم شاعیرانە باسی بیرەکەیان کردووە بەڵام بەشێوەی (تێوری) ، بەڵام لەسەر دەستی ( ئەحمەدی خانی ) ئەم تێورە وەرگێڕانی بەسەر دادێ و دەبێتە (پڕاکتیکی) بەمەش قۆناغی (بیری نەتەوایەتی) لەنێو شیعرەکانیدا دەچەسپێ و دەبێتە رابەری بزوتنەوەی ئەم بیرە ، لەبەهێزترین شیعریدا بەم شێوەیە دەڵێ :

(ئەڤ  رۆم و عەجەم بوان حەسارن
کرمانج هەمی ل چار کەنارن
هەردوو تەرەفان قەبیلی کرمانج
بۆتیری قەضا کرینە ئامانج ) ( محەمەد ئەمین ، ١٩٩٠، ٥٢)

بۆیە گەر لەدیوانەکەی بگەڕێین چەندەها نمونەی زیاتر دەدۆزینەوە ، و درێژکراوەی ئەم بیرە هەر بەمەندە ناوەستێ تا دەگاتە (حاجی قادری کۆیی ) و دواتر بۆکۆتایی هاتنی  سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی و چەندین شاعیری تر لەم بوارە سەرهەڵدەدەن وەك ( بێکەس و حەمدی و ....تاد ) ، بۆیە ئەم جۆرە بیری نەتەوەییانە بەبیری نەتەوەیی ڕەسەن دەژمێردرێن چونکە لەناوجەرگەی کێشە نەتەوایەتییەکانەوە هەڵقوڵاوە .

**تەوەری دووەم : هاتنە ئارای بەرەنگاربوونەوە و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبیاتدا :**

**(١-٢-١) : بەرەنگاربوونەوە لەڕووی زاراوەوە :**

ووشەی بەرەنگاربوونەوە لە ڕووی زمانەوانییەوە زۆر واتا بەخۆیەوە هەڵدەگرێ ، لەزمانی کوردیدا بەواتای (بەرگری : بەرگەگرتن : الدفاع ) (هەژار ، ١٣٦٩، ٧٦) دێت ، لەزمانی عەرەبیش هەندێ جار زاراوەی (التمرد) ی بۆ بەکاردێت بەواتی ( ڕەفزکردن و بەرگری کردنە لەدژی دەسەڵات ، ڕەفزکردنە بۆ بناغەی پەوەندی گفت وگۆی فیکری لەگەڵ دەسەڵات و بانگەشەکردن بۆ گۆڕینی ، چەند جۆرێکە (کۆمەڵایەتی ، وەك بەرەنگاربوونەوە دژی داب و نەریتەکان و دەرچوون لە ئاستیان  ، وە تاکەکەسی بەرامبەر بە دەسەڵات ) ) ( عبدالوهاب ، ١٩٩٧، ٧٨٥)  لەزمانی فارسیشدا ووشەی (مقاومت) ی بۆبەرکاردەهێنرێ .

بەرەنگاربووەنەوە لە نەتەوەیەك بۆ نەتەوەیەکی تر گوڕانکاری بەسەر دادێ ، بۆنمونە داواکاری بەرەنگاری ئاشتی خوازانە جیاوازە لەگەڵ بەرەنگاری چەکداری ، هەرچەندە ئەمەش خۆی لە قاوغی (ئەدەبی بەرگری) دا دەدۆزێتەوە کەبەرەنگاری و ڕووبەڕووبوونەوە و تێکۆشانە دژی ناهەق و زۆرداری وهاوکات پەیامێکە بۆدانانی سنورێك بۆ چەوساندنەوە .

بەرەنگاربوونەوە لەبەرئەوەی دیاردەیەکی سیاسیی یە لەڕووی دەرەکییەوە ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە لایەنی سۆسیۆلۆژیا ولایەنی فەلسەفی و لەرووی ناوەکییەوە پەیوەندی هەیە بە سایکۆلۆژیای تاکە کەس ، شێوازی بەرەنگاربووەوە دەست نیشانی لایەنەکە دەکات .

**(١-٢-٢) : مێژووی بەرەنگاربوونەوە :**

بەرەنگاربوونەوە مێژوویێکی دوورو درێژی هەیە لەگەڵ مرۆڤ ، لەو کاتەوەی بەرەنگاربوونەوە دەست پێدەکات کە مرۆڤ چاوی لەسەر ئەم زەمینە کردۆتەوە و بۆ مانەوەی لەژیان بەرامبەر بە قوورسییەکانی ژیان وەستاوە ، تەنانەت بەرەنگاری برسێتی بەیەکەم بەرەنگاری دادەنرێت لە مێژووی مرۆڤایەتی دا ، چونکە پێداویستییەکی فیسۆلۆژی لەشە و دژی مردنە ، ئیتر پەیتا پەیتا جۆرەکانی تری بەرەنگاری لەگەڵ کرانەوەی عەقڵی مرۆڤ بەڕووی شارستانییەتەوە پەرەی سەندووە و پەیدا بووە ،  دوای سەدەکانی ناوەڕاست شێوازێکی تری بەخۆیەوە بینی ، ئەوەش زیاتر بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵات بوو ، ئەوەتا بزوتنەوەی ڕێنسانس کەلەسەردەستی ڕۆشەنبیران هاتە ئارا هەمووی لەئەنجامی ڕاپەڕین بوو لەدژی دەسەڵاتی کلێسا ، ڕێنسانس بووە سەرچاوەی هەڵگیرسانی سێ شۆڕشی گەورە لە ئەوروپا لەوانەش (شۆڕشی فەرەنسی و ئەڵمانی و ئینگلتەرە) کە هەریەکەو لەبوارێك ڕۆڵی هەبوو لە گۆرینی مێژووی ئەوروپا ، ئەم سێ شۆڕشە کاریگەری هەبوو بۆ سەر وولاتانی عەرەبی و کوردستان ، شێوازی بەرەنگاربوونەی گۆڕی کە زیاتر خۆی لە قاڵبی چەکداری دەدۆزێتەوە .

لەناو نەتەوەی عەرەبدا  بەتایبەتی لە وولاتی ( فەلەستین) بەرەنگاربوونەوە شێوازێکی تری بەخۆیەوە بینی ، دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ١٩٤٨ ، لە وولاتە عەرەبییەکان هەڵمەتی دەرکردنی ( جوولەکە) دەستی پێکرد وەك بەرپەرچدانەوەی ئەم رووداوە کە دەوڵەتانی زلهێز پشتگیری ئەم دەوڵەتەی کرد ، دوای ئەمە قۆناغی بزوتنەوەی چەکداری سەری هەڵدا لەپاڵ ئەمەشدا بزوتنەوەیەکی هزری ئەدەبی لەناو عەرەبدا سەری هەڵدا کە خۆی دۆزیەوە لەنوسراوەکانی چەند شاعیر و چیرۆکنوسێك کە پەیامەکانیان ئاراستەکرا بوون بۆ بەرەنگاری و بۆنی مەقاوەمەتیان لێ دەهات ، لەنێو نوسینەکانیشان باسیان لەبابەتی چەساندنەو و ڕاوەدوونان و کوشتن و بڕینی هێزی دەسەڵاتداری دەرکرد دژی نەتەوەی عەرەبی فەلەستینی بۆیە بابەتی ئاین لەم وولاتە تاراددەیەك فەرامۆش کراو بابەتی نەتەوەیی هاتە پێش بە پاڵپشتی کردنی وولاتانی تری عەرەبی ، لەم نوسەرانەش ( غەسسان کانەفانی و سەمیع قاسم و مەحمود دەروێش و ....) ، کە توانیان ئەدەبی بەرەنگاری عەرەبی دروست بکەن و بە نوسین گوزارشت لە واقیعی ئەوسای کەسێتی فەلەستینی بکەن لەژێر چنگی داگیرکاری ئیسرائیلی بۆیە ( ئەو کەسێتیانەی کە غەسان کانەفانی لە نوسینەکانیدا دروستی کردبوون نمونەی کەسانی نمونەیین ، کەسێتی یەکانی دەمامکداربوون چونکە گوزارشتی لە چینێکی دیاریکراوی گەل دەکرد ، بەپێی قۆناغەکانی ژیانی مێژوویی فەلەستینی ئەویش پەنا بردن بوو بۆ گشتاندنی هونەری بۆ وێناکردنی کەسێتی یەکان لەنێوان تاك و گشت وە بەشێوەیەکی ئۆرگانی بە مرۆڤایەتی بەیەکەوەی گرێدابوون، ، ئەوەش هوای کرد کە کەسێتی یەکان سیفاتی دەمامکداریان هەبێ ) (المسعودی ٢٠١٤،١٦٩) .

ساڵی ١٩٦٧ لە ئەدەبدا بە ناوی ( نکسە/ هەرەس ) ناوبانگی دەرکرد ، لێرەدا نوسەرانی عەرەب بەگشتی و فەلەستینی بەتایبەتی قۆناغێکی نوێیان لەنێو نوسین و بڵاوکراوەکانیاندا هێنایە ئارا ئەویش ( بەرەنگاربوونەوەیە دوای هەرەس ) توانیان ئومێد و ئاوات لای تاکی عەرەبی دروست بکەنەوە و وورەیان بەرزبکەنەوە، بۆیە نوسراوەکانیان لەو کاتدا دەربارەی ( زمان و نیشتمان و نەتەوەی عەرەبی و عروبەت و خەباتکردن ) بێت ، لەوانەش ( مەحمود دەروێش) کە شاعیرێکی فەلەستینی بوو زۆر بەئاشکرا داوای یەکگرتنی گەلی عەرەبی دەکرد و دژی سنورە دەستکردەکان هۆنراوەی هەبوو ، هەروەها لەبەرهۆکاری تیرۆر و تیرۆرکردن زۆربەی بیرمەندانی عەرەبی فەلەستینی نەیانتوانی لەناوەخۆی فەلەستین درێژە بەخەباتکردن بدەن ، بۆیە پەنایان بردە بەر تاراوگە و لە ووڵاتانی بیانی و عەرەبی چەندین رێکخراوی ئەدەبی و هزریان دامەزراند تا درێژە بە گوتارەکانیان بدەن ، لەوانەش (الرابطة القلمية)یان دامەزراند بۆیە ( لە دوای نسکۆوە رۆشەنبیرانی دەرکەوتەی فەلەستینی رۆڵێکی زۆرگرنگیان گێرا و لەماوەیەکی کورتی دیاریکراودا ، وسەرکەوتنی تەواویان بەدەستهێنا ، بۆیە دەتوانین وەسفی ئەدەبی عەرەبی بکەین بەئەدەبی تاراوگە و لەبری ئەوەی وەسف بکرێ بە ئەدەبی فەلەستینی و پەناهەندە ، لەم بوارەدا شیعر باڵادەست بوو ) (غسان ٢٠١٤، ١٢-١٣) .

بەڵام ئەگەر سەیری ئەدەبیاتی بەرەنگاری ئێرانی بکەین دەگەینە ئەو رایەی کە ( نوسراوەتەوە لەنێوان رۆشەنبیرانی فارس و ئەو رۆشەنبیرانەی کەسەر بەتەوەی جیاوازن کە زمانی فارسیان بەسەر سەپێنرابوو ، بۆیە ئەم جۆرە ئەدەبە بەشێوەیەکی نائاسایی لەدایکبووە ، چونکە پشت بەستراوە بەبارودۆخی نەتەوەیی کەلەلای رۆشنبیرەکە سەرچاوە گرتووە کە رەنگدانەوەی ئەو ژینگەیەیە کە نوسەرەکە تیادا لەدایکبووە و پێگەیشتووە) (نافع ١٩٨٤، ٨)

(٣-٢-١) : **رەنگدانەوەی (بەرەنگاربوونەوە) لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا :**

بێگومان ئەگەر بەدوای ئەدەبیاتی کوردیدا بگەڕێین بۆئەوەی چەکی (بەرەنگاربوونەوە) ی تیادا دەست نیشان بکەین ئەوا سەرەتا دەبێ بگەڕێنەوە ئەدەبیاتی سەرزاری (فۆلکلۆر) ، چونکە تەمەنی بەرەنگاربوونەوە لە تەمەنی (بیری نەتەوایەتی ) درێژترە .

بەرەنگاربوونەوە هاندانە بۆ برەودان بەمانەوەو خەباتکردن ، هەندێ جار سەردەکێشێ بۆ ململانی ی نێوان مرۆڤ و سروشت ، بۆیە ئەم دیاردەیە لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆریدا زۆر بەجوانی رەنگی داوەتەوە و ئێمە لێرەدا نمونەی (داستان) وەردەگرین :

داستان ، بەشێکی گرنگی فۆلکلۆری کوردی یە ، و رۆڵی گرنگی هەیە ، لێکدانەوە لە چەمکی داستان دەگەڕێتەوە بۆ ( نەبەردی پاڵەوانەکان بەکار ئەهێنرێت وووشەکە لەبنەڕەتدا ( داواستان) ە ، واتە شوێنی جەنگ و شەڕو شۆڕ وەیا ( دادستان) ە واتە شوێنی عەدل) (عەلائەدین، ١٣٩١،١١٩) ، داستان دەبێتە چەند جۆرێك ئەوانیش ( دڵداری و قارەمانییەتی) یە ، لێرەدا مەبەستی ئێمە داستانی قارەمانییەتی یە ، چونکە گیانفیدایی و کاری رۆحی و بەرەنگاربوونەوەی تێدایە ( لەم چەشنە داستانەدا هەیە کە قارەمانییەتی کەسێك دەخاتە روو ، بەڵام هەشە کە قارەمانییەتی نەتەوەی تۆمار کردووە ) (کامەران ١٩٨٤،٦٣) .

رووداوەکانی ناو داستانی قارەمانییەتی هەندێ جار دەچێتە قاڵبی فانتازیاوە ، هەندێ جاریش رووداوی سادەی ناو کۆمەڵگان ،بەڵام سمبۆڵی بەرەنگاریان تێدایە و بەشی زۆریشی بریتی یە لەشەڕو شۆڕو خۆبەختکردن .

نمونەی زۆری داستانی قارەمانییەتیمان هەیە بەڵام ئەوەی ئێمە لێرەدا تیشکی دەخەینە سەر داستانی قەڵای دمدمە :

داستانی قەڵای دمدم ( رووداوێکی گەورەیە لەمێژووی نەتەوەی کورددا .بویت بێژەکان ئەم رووداوەیان هەم بەشێوەی کرمانجی و هەم بەشێوەی موکری کردۆتە شیعر ) (ئۆسکارمان، ١٩٧٥،٢٠) ، ناوەرۆکی دمدم پەیامی بەرەنگاربوونەوەیە دژی داگیرکەر و پارێزگاری کردنە لەشەرەف و ناسنامەی نەتەوایەتی بۆیە لەئەنجامدا دانیشتوانی ناو قەڵاکە مەرگ هەڵدەبژێرن نەوەك خۆ بەدەستەوە بدەن ( ئەم بەسەرهاتە لەساڵانی ١٦٠٨-١٦١٠ روویداوە ، وەلەئەنجامی گەمارۆدانی قەڵاکە بۆماوەیەکی زۆر کەپتربوو لە چوار مانگ ، جەنگاوەرە کوردەکان توانای بەرگریان نەما ...لەئەنجامدا گشت جەنگاوەران وە ئەمیرخانی برادۆستی خۆیشی شەهید کران ) (کامەران موکری ١٩٨٤، لا ٦٩) . قارەمانیەتی و بەرخوادنی خانی لەپ زێرێن بە گەورەترین جۆری بەرەنگاری دادەنرێت لەئەدەبی کوردیدا ، ئەوەتا دەڵێ

) مەنە خۆڤێ خانێ تەورێزێ
گەلێ زانا کا ژهەمیێزێ
مەنەترس خانێ چێن مەچینێ
قرناکە خەڵقێ مە چیا
تاجێ تە قەبوڵ ناکەم
کوردستانێ بێ ناف ناکەم ) (د.عبدالله ، ٢٠٠٤، ١٤٦-١٤٧)(

تەنانەت کاتێك شا عەباس دەیەوێ بەلاواندنەوە و بەرفراونکردنەوەی دەسەڵاتی خانی لەپزێرین کارێك بکا ئەو لەبەرەنگاربوونەوەی وازبینێ ، خان دەڵێ :

ئەز تاجێ تە قەبوول ناکەم
ئەز حەفت نەئلەت ل بابێ تە دکەم
کرمانجێ بێ ناف ناکەم ) (سەپان ، ٢٠١٧، ٢٦)

ئەدەبیاتی کوردیمان لەم بابەتە بەدەرنییە ، چونکە وەك لەپێشوو ئاماژەمان بەوەدا کە ئەدەب رەنگدانەوەی کۆمەڵگایە ، بەرهەمی ئەدەبی کوردیمان بۆتە هاندەرێك بۆبەشداری کردن لە دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی ، بۆ بەرچاو روونی ئەگەر بەمێژوودا بچینە خوارەوە ئەوا دەبێ بگەڕێینەوە بۆ دووبەیتییەکانی (باباتاهیری هەمەدانی ٩٣٥- ١٠١٠) بەیەکەم شاعیر دادەنرێ بەرەنگاری دژی نەفس و کەسێتی و کۆمەڵگا و کلتور بەکارهێناوە ، دووبەیتییەکانی گەواهی دەری ئەم بابەتەن .

کەواتە لەپاڵ ئەدەبیاتی فۆلکلۆری ، ئەدەبیاتی نوسراویش چەندین شاعیرمان هەیە کە بابەتی رەنگدانەوە لە شیعرەکانیدا رەنگی داوەتەوە و بەشێوازی جیاواز.

بەڵام دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی بیری بەرەنگاربوونەوە قاڵبێکی فیکری جیاوازی وەرگرت کە دواتر هەنگاوی نا بەرەو دیادەی چەکداری و رووبەرووبونەوە ، ئەمەش رێگە خۆشکرە بوو بۆ سەرهەڵدانی بیری حیزی لەناو کورددا و بەپێی قۆناغە مێژوویەکانیش چەندین پارت و رێکخراو دروست بوون کە داکۆکیان لەسەر بەرەنگاربوونەوە دەکرد .

**بەشی دووەم**

**پراکتیککردنی هەردوو چەمکی (بیری نەتەوایەتی و بەرەنگاربوونەوە) لەنێو کورتە چیرۆکەکانی (عەبدوڵڵا ئاگرین) دا :**

**تەوەری یەکەم : دەستنیشانکردنی (بیری نەتەوایەتی ) لەنێو کورتە چیرۆکەکاندا :**

لەبەر ئەوەی کوردنەتەوەیەکی ژێر دەستە بووە و بەردەوام هەوڵی لەناوبردن وقڕکردنی دراوە، ئەمە بووەتە هۆکاری ئەوەی کە بۆبەدەستهێنانی مافەسەرەتاییەکانی ژیانی،پەنابباتەبەرهۆکارەکانی بەرەنگاربوونەوە وداواکاری بۆ چەسپاندنی مافەکانی خۆی ، بۆیە لەپاڵ ئەوەدا هانای بۆ(بیری نەتەوایەتی) بردووە ، چونکە بڵاوبوونەوەی ئەم بیرەلەئەنجامی ئەوەوە سەری هەڵداوەکەئەونەتەوانەی کە هاوشێوەی نەتەوەی کورد بوون مافی چارەنووسی خۆیان بەدەست هێناوە وبوونەتە خاوەن کیان ، وورژاندنی (بیری نەتەوەیی) بووەتە هۆکاری ئەوەی کە نەتەوەی ژێردەست ئازاد بێ و ئەوەی تریشی بانگەشەی ئازادبوونی بکات، هەربۆیە کوردیش وەکو نەتەوەکانی ناوچەکە لەلایەك بۆ ڕزگاربوون و گەیشتن بە خەونی چەندین ساڵەی ولەلایەکی تریشەوەوەك پەرچەکردار دژی بیرە (داگیرکاری) وهەوڵدان بۆسڕینەوەی دوژمن وخۆسەپاندن لەسەر خاکی خۆی و شانازی کردن و برەودان بەخەباتی نەپساوەی پەیڕەوی کردووە ، ئەمەش وای کردووە ژیانی کورد لە (کارەساتبار) نزیك ببێتەوە و بەردەوام سەرکوت کراوە ، لەبەرامبەر ئەمەشدا پەرچەکرداری کورد ئەوەبووە کە خۆی ڕێکخستووە وداڕشتنی بیری ووردی ئەنجامداوە کە خۆی دەدۆزێتەوە لە دامەزراندنی ( پارت و ڕێکخراوی سیاسی ) و هۆکارەکانی هۆشیارکردنەوەی گرتۆتە بەر ،بۆیە قەڵەم ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە گواستنەوەی بیرو ڕای نوسەران بۆ خوێنەران، و گەیاندنی ئەو بیرو بۆچوون و ئایدیانەیەبووە کەتاکی کورد پێویستی پێ بووە ولەسەرتاپای ژیانی بۆی تێکۆشاوە ، سەرەڕای نەداری و نەهامەتی ، بۆیە هەردەم ماندوو بوونێکی شەکەت یەخەی تاك بەتاکی کوردی گرتووە و لەهەڵسو کەوتی ڕۆژانەی ڕەنگی داوەتەوە .

ئەدەبیات بەگشتی و چیرۆك وەکو ژانرێکی پەخشان بەتایبەتی پشکی شێری بەرکەتووە لە دەستنیشانکردنی بیری نەتەوایەتی، چونکە هەر لەسەرەتای پەیدابوونییەوە(سەرەتایەکی پرشان و شکۆوبەرز، بەسەد ڕەگ بەواقیع و خەڵك وزەوی و گەل و مێژووەوەبەستراببوون ،شانازی یە بۆچیرۆکی کوردی هەرلەسەرەتاوەبەستراوەبە ئەدەبیاتێکەوە کە بۆ ژیان و ئاسوودەیی و بەختیاری دەجەنگێ ، سەر بەرێبازێکی گەورەی ئەدەبیاتی جیهانە کە شەرەفی ئامانجداری خەباتکاری دراوەتێ : سەربەرِیالیزمە) (د. عزەدین ،١٩٨٤،١٠- ١١) .

**(٢-١-١): قۆناغەکانی بیری نەتەوایەتی لای چیرۆکنووس:**

**( أ ) : شێوازی ڕاستەوخۆ :**

چیرۆکنووس زۆربەئاشکرایی پەنای بۆ بیری نەتەوایەتی ڕاستەوخۆ بردووە و لەناو چیرۆکەکانیدا بە بێ پەردە پۆشی وهەبوونی ترس و سانسۆرئاماژەی پێکردووە ،ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو باکگراوندەی کە چیرۆکنووس هەیەتی و ژینگەی پەروەردەکردنەکەی ،کەواتە ئەوبیرۆکەیەیەی کەلەناوبیری چیرۆکنووس دایە ڕاستەوخۆ گواستویەتیەوە ناوچیرۆکەکانی وبەشێوازێکی هونەری داڕشتووە، بەمەش (بیر)ی گواستۆتەوە ناو(واقیع/کەتوار)،بۆیە لەکاتی ووردبوونەوەی لەناوچیرۆکەکانیدا هەست بەوە دەکەین کە چیرۆکنووس هەردەم هەوڵی ئەوەی داوە کە کورد لە قاوغی دواکەوتوویی دەربهێنێ و بیخاتە ڕێزی ئەو نەتەوانەی کە خەبات دەکەن بۆ بەدەستهێنانی ماف، خەباتکردنەکەش بەشێوەی (ئاشکرا) و دووربکەوێتەوە لەبەکارهێنانی شێوازی پێچ وپەنایی و تارمایی ، بۆیە لەنێو چیرۆکەکاندا زۆر بەئاشکرایی بانگەشە بۆ خەباتی چەکداری دەکات بەرامبەر بەداگیرکەر ، ئەمەش تێکەڵابوونیەتی لەگەڵ بیرۆکەی (حیزب) لە ناو کورددا ئەویش کە خۆی لەنێو دوو باڵدا دەبینێتەوە ، ئەوانیش ( باڵی عەسکەری یاخود چەکداری لەگەڵ باڵی ڕێکخستنە بەشێوەی ئاشکراو نهێنی لەڕێگەی شانەی چەکداری ناو شارەکان ) ،بۆنمونە لە کورتەچیرۆکی ( زەردەخەنەی سەرەمەرگ) دا ، چیرۆکنووس بە ئاشکرا ئاماژە بە خەباتی چەکداری گەلی کورد دەکات کە باڵی عەسکەری یە ، بۆ ئەوەی هێرش بینە سەر دوژمن ، لێرەدا جیاوازی هەیە لەنێوان باڵەکان ، بۆیە چیرۆکنووس دەیەوێت پێمان بڵێ هەردوو باڵ تەواوکەری یەکترین ، بۆیە: دەڵێ : (ڕێکەوت بە ئیشێك برایووم ، بۆ خوارەوەی ئەو ئەشکەوتەی کردبوومانە جێی ئازووخە و دانیشتن و حەسانەوەمان ، تالەوێ هەندێك کاروباری ڕێکخستن هەبوو ڕامبگەیاندایە) (د. عەبدوڵڵا، ٢٠١٣، ١١) .

بیرۆکەی دروستبوونی ڕێکخراو یان حیزب یا کۆمەڵە یەك بەمەبەستی بانگەشەکردن لە تەنینەوەی بیری (نەتەوەیی) لەنێو چیرۆکەکاندا ڕەنگی داوەتەوە ، ئەوەتا لە نۆڤێلتی (کولەمەرگی) دا لەسەرە زاری (سۆفی بایز) کە یەکێکە لە کارەکتەرکانی ناوئەم چیرۆکە ، دەڵێ:

(نەبەلەناوبردن و لەناوچوونی شەوکەت بەگ ئەبێت ، نەبەلەناوچوون و دوورکەوتنەوەی من ئەبێت ، بەڵکو پێویستە چارەسەر لە بنج و بناوان ڕەگ و ڕیشەوە بکرێت ، تاوەك شێرپەنجە هەڵنەداتەوە ، بەوە ئەبێت لەناو خۆتانا ڕێکخراوێکی نەتەوەیی خاوەن بیروباوەڕ دابمەزرێنن و پەلو پۆ بهاوێژن بۆ هەموو کونجی نەتەوە و نیشتمانەکەتان ولەهەموو ڕوویەکەوە خۆتان تۆکمە و بەهێز بکەن ) (د. عەبدوڵڵا، ٢٠١٣، ١١٥)

هەروەها ئازارەکانی کورد لەهەرپارچەیەك بێ بەیەك چاو سەیر دەکات ، لە کورتە چیرۆکی ( کە خەرمان ئەسووتێ ) بە ئاشکرا لەسەر زاری کارەکتەرەکانی ناوچیرۆکەکە دەڵێ:

(دەی زووکەن ، با فریایان بکەوین ، ئەمرۆ لەوانە و سبەی لە ئێمە ) (د. عەبدوڵڵا، ٢٠١٣، ٢٤٤) بەهاناوە چوونی گوند و ئاواییەکان لەکاتی تەنگانەدا سیفاتی تاکی کورد بووە ، بۆیە لەم چیرۆکەدا کە توشی ئەم بەڵایە دەبن خەڵکی ئاواییەکەی تر بەهانایان دەچن ، ئەمەش نیشانی دەدات کە کورد هەر کوردە چ لەناوەخۆ بێت ، یان چ سنوری دەستکرد جیای کردبێتەوە دەبێت لەکاتی تەنگانەدا بە هانای یەکترەوە بچن .

بابەتێکی تر کە چیرۆکنووس ئاماژەی پێکردووە وەکو هۆکارێك بۆ گەیاندنی بیری نەتەوەییەکەی ئەوەیە کە لەنێو بەشێك لەچیرۆکەکانیدا هەوڵی ئەوەی داوە کە خەباتی گەلی کورد بە خەباتی گەلانی ستەم لێکراوی ناوچەکە ببەستێتەوە و تەنانەت لەکاتی شەهید بوونیش دەروونیان ئاسوودە دەبێ چونکە لەپێناو بابەتێکی ڕزگاری خوازانە گیانیان بەخت کردووە ، ئەمەش ئاشکرای دەکات کە ئازاری تاکێکی کورد هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ ئازاری تاکێکی نەتەوەیەکی ژێر دەست و ئەوەی بەیەکەوەیان گرێ دەدات بابەتی (مرۆڤ بوون و چەوساندنەو و داگیرکاری ولەناوبردن)وهەرچەندە لەڕووی جوگرافیاوە هەمان پێگەیە بەڵام ئامانجەکە کۆیان دەکاتەوە کە وەستانە

لەدژی داگیرکەر لەلایەك و لەلایەکی ترەوە شەرعیەت دانە بە جووڵانەوەی رزگاری خوازی کورد، بۆیە ئەم دیاردەیە بەزەقی لە کورتە چیرۆکی ( لەژێردەستەیی خۆمدا!! ) هەستی پێدەکرێت ، ئەوەتا دەڵێ :

(-سەرکەوتن و سەربەرزی ئەم شۆڕشگێڕانی ڤێتنامی دا ئەبینم .

رێچکەی بە ووشەکانی بەست :

-لەپەلامارداني زرێپۆشێکی رەش بۆسەنگەرەکەم ، قوڵە رەشێکی چەوساوەی ئەفریقیام ئەهێنێتەوە بەر چاو) (د. عەبدوڵڵا، ٢٠١٣، ١٦٥)

**(ب): شێوەی ناڕاستەوخۆ :** هەندێ جار چیرۆکنووس بۆگەیاندنی(بیری نەتەوەیی) پەنای بردۆتە بەرشێوازی ناڕاستەوخۆ بۆدەربڕین و ئاماژە پێکردن ، ئەمەش بە خاڵێکی سەرکەوتوویی ئەزموونی چیرۆکنووسی ئەو سەردەمە دادەنرێت بۆیە لێرەدا ئاماژە بەچوند شێوازێك دەکەین :

١-**بەکاربردنی (سمبوڵ/ رەمز) لەنێو چیرۆکەکاندا:**

سمبوڵ بریتی یە لە ئاماژەکردن بە شتێك کە حاڵەت و سیفەتی لێکچوونیان لێك نزیك بێت ، شێوازێکی هونەری بەرزە کە دانەرەکەی پەنای بۆ دەبات لەسەر زیرەکی خوێنەرەکە دەوەستێ کە بتوانێ کۆد و پێکهاتەکانی ناو تێکستەکە شیکاربکات ودەست لەسەرکەرستەخاوەکانی دابنێ،بۆیە بەپێی لێکدانەوە دووچەمك بۆ رەمز دیاریکراوە ، کەواتە پەنا بردنە بەر رەمز کە(چیرۆکنووس بەکاری دەهێنێت بۆ پەردە پۆشکردنی هەندێ لەوشتانەی کە دەیەوێ بیڵێ و ناتوانێ ڕاستەخۆ دەریببڕێت ، یانیش بابەتی دیکەی مێژوویی و فۆلکلۆری و بابەتی دیکە دەکاتە ئامرازێك بۆ بەکارهێنانی رەمز) (سابیر ، ٢٠٠٥، ٤٥) .

لە کورتە چیرۆکی (ناپاك) دا چیرۆکنووس بەشێوەی بەکاربردنی سمبوڵ باس لە هاتنەوەی جەژنی نەورۆزی نەتەوەیمان دەکات کە کاتی بەهارە و لەوێشدا شانۆی ڕووداوەکان دادەمەزرێنێ ، بۆیە دەڵێ : ( بەڵێ ، جەژنە پیرەی ئەمساڵ هات ... بەری بەیانیشە ، سورایی خوێنینی خۆر وردە وردە بە ئاسایی و بێ دەنگ بەسەر لوتکەی چیا سەرکەشەکاندا ئەچەمییەوە ناو دۆڵ و شیوە نەوییەکان ...) (د. عەبدوڵڵا، ٢٠١٣، ٢١٠) ، هەروەها لەچیرۆکی(دێراوی خوێن) دا بەهەمان شێوە سیمبۆڵی داگیرکەر دەست نیشاکراوە و ئەویش بەشێوەی وەسفکردنێك کە سیفەتی ناشیرینی (سەربازی لچ ئەستوریان) ی داوەتەوە پاڵیان .

٢- سوود وەرگرتن لەبابەتی کلتوری کۆنی کوردی و جیهانی :

ئەمەش یەکێکە لەو خاڵانەی کە چیرۆکنووس چیرۆکەکانی پێ دەوڵەمەند کردووە و بەدوو شێوە سوودی لێ بینیوە :

١- شێوازی زیندووکردنەوە و بەرزڕاگرتنی کلتوری کوردەواری .

٢- شێوازی تەوزیفکردنی ئەم کلتوورە لەنێو چیرۆکەکانیدا ، لێرەدا هەوڵی داوە کەرستە کلتوری و فۆلکلۆریەکان لەنێو چیرۆکەیدا بەکاربهێنێبەتایبەتی چیرۆکنووس هەوڵی داوە کە ئاینی (زەردەشتی) و ئەفسانەکان بەکاربهێنێ ، بۆیە لەچیرۆکی (تابلۆی دیمەنی غەمبارێکی ئازاردراو) دا دەڵێ :

( - تاوان ، تاوانی (جانووس)ە ، ئەهورامەزدای بەزیوی پەلبەست کرد و فریشتەکانی بەڕوو رەشی ڕووە و قوڵلەی قاف شار بەدەرکرد. ) (د. عەبدوڵڵا، ٢٠١٣، ١٨٤)

مێژووی (جانووس) لە ئەفسانەدا دیارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەفسانەی رۆمانی کۆن ، هەروەها (قوڵلەی قاف) یش یەکێکە لەو شوێنە ئەفسانەییانەی کەلەشیعری کوردیدا زۆرناوی هاتووە .

**تەوەری دووەم : دەستنیشانکردنی (بەرەنگاربوونەوە) لەنێو کورتە چیرۆکەکاندا :**

چیرۆکنووس یەکێکە لەو نوسەرانەی کە کاتی خۆی و تەنانەت ئێستاش دەنگی ناڕەزایی بەرزکردۆتەوە لەگەڵە ئەو کلتور و داب و نەریتانەی کەلەگەڵ کۆمەڵگای کوردی ناگونجێن و بەسەریاندا سەپاندووە ، بۆیە لەڕێگای بەرەنگاربوونەوە هەوڵی داوە رێرەوی عەقڵیەتی سەردەمی خۆی بگۆڕێ و بەدشێوازێکی تر قەڵەمەکەی بخاتە گەربۆ خوێندنەوەی نوێ و چارەسەرکردنی دیمەنە جیاوازەکان و کێشەکانی کۆمەڵگا چارەسەر بکات، بۆیە بەتێڕوانینی ئێمە بەرەنگاربوونەوە لای چیرۆکنووس خۆی لە دوو خاڵی سەرەکی دا دەبینێتەوە ، ئەوانیش :

**(٢-٢-١): بەرەنگاری کلتوری :** کلتور جۆرێکە لە ناسنامەی مێژوویی هەر نەتەوەیەك لەسەر رووی زەوی ژیانێ و نیشاندەری بیرو بۆچوونی لایەنی کۆمەڵایەتی و تێڕوانین و خوێندنەوەیەکی ڕاست و ڕەوانی عەقڵیەتی کۆمەڵگایە .

کلتوری هەموونەتەوەیەك بەپێی کرانەوە و داخرانی نەتەوە گۆڕانکاری بەسەردا دێ بەتایبەتی ئەو نەتەوانەی کە لەبواری فەرهەنگدا دەوڵەمەندن، هاوشێوەی ئەمەش لەبواری کلتوریدا دەوڵەمەندییان پێوە دیارە . بۆیە دەشێ کلتور پەرەی پێ بدرێت و فراوان بکرێ ، بەڵام دەست بەسەر داگرتنی دەبێتە هۆکاری کزبوون و لەناوچوونی ، کەواتە کلتور سەرجەم لایەنە مەعریفی و ئەدەب و رۆشەنبیری و داب و نەریت و مێژوو و تەنانەت جێۆگرافیای شوێنەکان و پانتایی شارستانیەتی نەتەوە دەست نیشان دەکات و سنورێکی وەهی بۆ ئەم نەتەوەیە دەکێشێ .

نەتەوەی کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی کە خاوەن ناسنامە و کلتوری تایبەت بە خۆیەتی ، بەڵام بەهۆکاری داگیرکاری و سەرکوتکردنەوە هەوڵدراوە ناسنامەی نەتەوایەتی لێ بسێندرێتەوە و لەپاڵ ئەمەشدا هەوڵێکی زۆر دراوە بۆ شێواندن و سڕینەوەی کلتورەکەی و گەڕاندنەوەیان بۆسەر کلتوری نەتەوەکانی دەوروبەری کلتور سەرەڕای پێکاتەی سەرەکی لە ناساندنی کۆمەڵگا ، هاوکات ناسنامەی خودی نەتەوەکە دەتوانێ خۆی جیاوازبکاتەوە لەنەتەوەکانی دەوروبەری بۆیە ( کورد بەهۆی کلتورەکەیەوە توانیویەتی بوونی خۆی ، وەك گروپێکی ئیتنیکی جیاواز لە تورك و عەرەب و فارس بپارێزێت . بەم مانایە بوونی کورد پێش هەرشتێك بوونێکی کلتوریە، بۆیە دابەشبوونی کوردستان و لێکدابڕانی کورد تەنیا دابەشبوون و لێکدابڕانێکی سیاسی وجیۆگرافی نیە ،بەڵکو کلتوریشە)(د. ڕەفیق ، ٢٠٠٨، ٣٧) ، جا ئەم دابڕانە کلتوریە وادەکات کە نەتەوە پارچە پارچە بێ و لێکترازانی رۆشەنبیری و هزری و عەقڵی دروست بێ . بۆیە ئێمە لە ڕوانگەی سەیرکردنی کورتە چیرۆکەکانەوە دابەشی دەکەین بۆ دوو جۆر ، ئەوانیش :

أ- بەرەنگاربوونەی دژی کۆمەڵگا و داب و نەریتی هەڵە :

ئەم جۆرە بەرەنگاربوونەوەیە وەستانە دژی ئەو بیرو باوەڕە هەڵانەی ناو کۆمەڵگا و ئەو داب و نەریتە سەقەتەی کەلەعەقڵیەتی کۆمەڵگا ڕەگی داکوتاوە و چەسپێندراوە وەکو کلتورێکی هەڵە و باوی ناو کۆمەڵگا سەیر دەکرێت ، رێکەوتنی کۆمەڵایەتی هەر نەتەوەیەك خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە

هەرکارێکی باش کە خزمەت بە تاك و گشت بکات ئەوا پێشوازی لێ دەکرێ و دەخرێتە ناو پرۆسەی بەکاربردنی لەلایەن تاکەکانەوە .

بەکاربردنی ئەم پرۆسەیە ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە ئاستی (سۆسیۆلۆژی) و لێکدانەوە ، لەمەڕ ئەم جۆرە لێکدانەوەدا شێوازی ئاستی مەعریفی تاك خۆی دەبینێتەوە لەشێوازی بیرکردنەوەی کۆمەڵ ، بەمەش کاریگەری کۆمەڵگا لەسەر تاکەکان دەبێت و تەنانەت شێوازو چەشنی بیرکردنەوەیان سنوردار دەبێت ، ئامانجی سەرەکی چیرۆکنووس ئەوەیە کە دەست بەسەرداگرتنی بیرکردنەوە ئەو بیرکردنەوە نێگەتیڤانەیە کەلەگەڵ داب و نەریتی کۆمەڵگا ناگونجێن بۆنمونە لە کورتە چیرۆکی (کاتێ خازە ئەدوێ )باسی گەنجێکی تەمەن چل ساڵە دەکات کە کوڕێکی شرۆڵە و بێ دایکە ، منداڵانی گەڕەك زۆری ئەزیەت دەدەن و بە شێتی دادەنێن ، بۆیە لە وەسفی مناڵەکانی گەڕەکدا چیرۆکنووس دەڵێ :

(هەندێ ئێوارە لەدوای گەڕانەوەی لەسەر کار ، مناڵە وردکەی ئەو گەڕەکانەی نەیانئەناسی بەچەپڵە و فیکە لێدان سەری دنیای لێ بێننەوەیەك، چەقاڵەکانی ناو بازاریش ئەم بقۆزنەو و بە چرتلێدان هەڵیبڕن و بە توێکڵە شوتی و تەماتە شکاویش بکەونە سەرو گوێلاکی) (د. عەبدوڵڵا، ٢٠١٣، ١٨٦).

ب-بەرەنگاربوونەوە دژی خراپ بەکارهێنانی ئاین : ئاین نێردراوێکی یەزدانییە و هۆکاری پەیدابوونیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زوڵم زۆرداریەی کە مرۆڤ لەسەر زەوی لەبەرامبەری یەکتریدا کردوویانە ، هەموو ئاینێك ( ئاسمانی یان زەمینی) بێ هەڵگری کۆمەڵێ چەمکن کە دەیانەوێ مرۆڤ لەسایەیاندا بحەسێتەوە و زۆڵم زۆرداری نەمێنێ و هەموو کۆمەڵگای مرۆیی بە ئاشتی و برایەتی و بێ کێشەژیان بەڕێ بکەن ، بۆیە چیرۆکنووس هەستی بە پاکی ئایینەکەکردووە ،بەڵام دژی ئەو کەسانەیە کە ئاین دەکەنە هۆکار بۆخۆژیاندن و چەوساندنەوەی خەڵکی لە کورتە چیرۆکی (لەدەریای ئازاردا)چیرۆکنووس لەسەر زاری کابرای تێنوو وێنەی ئەو ئافرەتانەمان پیشان دەدات کەلەچواردەوری گۆڕی(کاکە ئەحمەدی شێخ) لەشاری سلێمانی دەسوڕێنەوەو داوای خۆش بەختی و دووربوونی لێدەکەن لە بەڵاو کێشە ، تەنانەت داوا لە گۆڕەگەی دەکەن کە بیان پارێزێ ، بۆیە ئافرەتان بە جۆرەهای تێدایە ، لەوانەش ( بەتەمەن و جەحێلڵ و منداڵ) لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ئافرەتانە کردوویانە بەپیشە کە هەموو رۆژێك سەردانی ئەم گۆڕە دەکەن ، وەك لەسەر زاری ئافرەتە جحێڵەکە دەڵێ: ( - ئامۆژن ئیتر ئەمرۆ بەسە ، درەنگە ، بابڕۆینەوە ، تولفەکەم لە بێشکەدایە ) (د. عەبدوڵڵا، ٢٠١٣، ٢٢٢) ، هەروەها (درۆکردن) وەك چیرۆکنووس ئاماژەی پێ داوە یەکێکە لەو کارە ناپەسندانەی کە توشی کۆمەڵگا هاتووە ، بۆیە چیرۆکنووس بەرنگاری دەبێتەوە وبەچاوێکی سووك سیەری دەکات ، بەشێوەیەك وای نیشان دەدات کەڕێگای ڕاستی لەم نەتەوەیە بزربووە ، (بەئاستەم نوزەیەك ) چیرۆکنووس دەڵێ :

(-ئای : کە درۆزن زۆرە).

لای ئێمە هەموو رۆژێك یەکی نیسانە ، یەکی نیسانی ڕاستەقینەمان لێشاردراوەتەوە) (د. عەبدوڵلا، ٢٠١٣، ٢٧٢) ، هەروەها چیرۆکنووس ئاماژە بە پێکەوە ژیانی ئایینەکان دەکات لە کوردستان ، لە کورتە چیرۆکی ( بابانوئێل تۆراوە!!) دا چیرۆکنووس هەوڵی ئەوەی داوە ئەو بەیەکەوە ژیانی ئاینی کەلەوسەردەمەدا هەبووە لەیەکتری نزیك بکاتەوە ئەمەش پیشاندانی بابەتێکی ئەخلاقی بەیەکەوە گونجاندنە ، هاوبەشی پێکردنی منداڵێکی موسوڵمان لەجەژنی لەدایکبوون و سەری ساڵی زاینی شتێکی تازەیە چونکە ئەم یادکردنەوەیە تایبەتە بە کرستیانەکان ، کەچی چیرۆکنووس توانیویەتی کەسێتی (بابانوئێل) کە موڵکی کریستیانە ویستویەتی سیفاتی گشتاندنی پێ بدات و بیکاتە موڵکی گشتی بێ جیاوازی ئاینی ، واتە چۆن منداڵێکی کریستیان لەشەوی سەری ساڵدا ئاهەنگ دەگێڕێ و بەنیازە (بابانوئێل) سەردانی بکات ، هاوشێوەی ئەمەش منداڵێکی موسوڵمان هەمان هەست لەلای دروست دەکات ، ئەم جۆرە چیرۆکە بۆ ساڵانی حەفتاکان شتێکی زۆر زەحمەت بووە ، ( ڕەنگە وەرگرتنی بابانوئێل وەکو ڕەمز بۆئەوکاتەی ڕەخنەگر ئەم بۆچوونەی تیادا دەربڕیوە نامۆبێت بەڵام بۆ ئێستا گونجاوە و مەسیحی نامۆ نییە ، لە ئێستادا کرسمس و ڤەلانتاین و بابەنوئێل بە گەلی کوردی موسوڵمان نامۆ نیین ) (شوان ٢٠٢٠، ١٠٢-١٠٣). جگە لەمانەش لەنێو چیرۆکەکانیدا ئاماژەی بە قورسی ژیان و بەرنگاربوونەوەی شەرەف و کەرامەت و بەهای مرۆڤی کردووە .

**(٢-٢-٢) : بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵات** : بەرەنگاری دژی دەسەڵات بەرەنگاربوونەوەیە دژی ئەو بیرەی کە دەسەڵات دەیچەسپێنێ بەسەر کۆمەڵگادا و تاکەکانی پێ دەچەوسێنێتەوە ، نەگونجان لەگەڵ ئەم کردەوەیە دەبێتە خاڵی سەرەکی بۆجیاوازبوونی بیروڕاو وەستان لەدژی یەکتری و ناتواندرێ یەکتری بخوێننەوە ، ئەمەش ڕاستەخۆ دەگەڕێتەوە بۆ هەستکردن بە زوڵم زۆرداری کە دەرهەق بە کۆمەڵگاو تاکەکانی ناوی دەکرێ و چەوساندنەوە بەدوای خۆیدا دەهێنێ ، چەمکی دەسەڵات لای چیرۆکنووسکەمان دەبێتە دووبەش :

ا-دەسەڵاتی کۆن وەك ئاغا و دەرەبەگ و دارو دەستەکەی : لەبەر ئەوەی کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی کۆنەو دەسەڵاتێکی ئەقتاعی لە قۆناغی خێڵەکی دواکەتوویی بەڕێوەی بردووە بۆیە ڕەگی داکوتاوە و بوونی هەبووە ، تا هەڵگیرساندنی شۆڕشی (١٤ی تەمموزی ١٩٥٨) ، چیرۆکنووس هەستی بەو چەوساندنەوەیە کردووە و بەرەنگاری ئەم جۆرە دەسەڵاتەی کردووە ، هەوڵی داوە ئهێنی و دڵڕەقی و چەوساندنەوەی ئەم چینە مشەخۆرە بگوازێتەوە ناو چیرۆك کەچۆن دژی جوتیارو کرێکاران وەستاون و دژی خوێندن و خوێندەواری و رۆشەنبیری بوون ، هەروەها ڕەخنە لەو دەسەڵاتە ئەقتاعیەی دەرەبەگ دەگرێ کە دەبێ بگۆڕێت و ڕاپەرین لەدژیان ئەنجام بدرێ بۆ ئەوەی نەتەوەکە هەست بە ئارامی دەروونی بکات و لەو شکستە ڕزگاری بێت ، هەروەها ڕەخنە لە دەسەڵاتی حوکم دەگرێت کە لەڕێگای ئاغا و پیاوەکانیەوە هەوڵی داوە دووبەرکی و فیتنەیی وکوشتاروئاژاوە لەنێوان نەتەوەی کورددا دروست بکەن ئەویش لەڕێگای بەکرێگیراوانی خۆیان بۆئەوەی خەڵك سەرکوت بکەن ، بۆنمونە لە نۆڤلێتی (کولەمەرگی) دا ، زۆر بەڕوونی باسی سەرجەم ئەم کێشانە دەکات کە کۆمەڵگای کوردی توشی هاتووە، هەروەها لە چیرۆکی لە کورتە چیرۆکی ( لەئاهەنگی شەوێکی ئەم شارەدا ..!!..) کە نمونەی چیرۆکێکی بەهێزی بەرەنگاریە دژی دەسەڵات لەپێناو پاراستنی شەرەف و کەرامەت لەئەدەبی کوردیدا و کارەکتەری سەرەکی کە (دایکی ئازاد)ە ، ونوێنەری ڕەگەزی مێ ی ئامادەبووی نەتەوەی کوردە ، دەیسەلمێنێ کەچۆن بەرەنگاری بیرە نێگەتیڤەکانی دەسەڵات دەبێتەوە و شەرەفی خۆیشی دەپارێزێ ، گیانی خۆی بەخت دەکالەپێناو تۆڵە سەندنەوەی خوێنی (پیاووکوڕەکەی) ..

**ب- دەسەڵاتی نوێ :** مەبەست لەم دەسەڵتە (دەسەڵاتی کوردی) یە کە دوای ڕاپەرین هاتۆتە ئارا و لەسایەی خوێنە شەهیداندا پەرلەمان و حکومەتی هەرێم لەدایکبوو ،بەڵام وەك پێویست ئاوڕی لەکەسو کاری شەهیدان و خودی شەهیدەکەش نەداوەتەوە ئەمەش ڕاستەوخۆ لە چیرۆکی (دایە پیرۆز) باسی دەکات و بەرنگاری ئەم سیفەتەی دەسەڵاتی کوردی دەبێتەوە ، هەروەها لە چیرۆکی (بەرەوخۆردواندن بەزمانی گوڵ) چیرۆکنووس بەرەنگاری شەڕی نەگریسی ناوەخۆ دەبێتەوە کە چەندین رۆڵەی ئەم نەتەوەی شەهید و شوێن بزرکرد و چەندین مناڵ بێ باوك بوون ، سەرای ئەوەش بەرەنگاری هەندێ لەناو بە رۆشەنبیران دەبێتەوە کە لەجیاتی ئەوەی رێگری لە رووداني ئەم شەڕە بکەن ، کەچی هاندەری بوونە و چەپڵیەیان بۆ حیزبی دەسەڵاتدار لێداوە کە رۆڵەی ئەم نەتەوەی بەکوشت داوە .

(ئەنجام )

لە دوای توێژینەوە ، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە :

١-بیری نەتەوەیی لەناو کورددا بیرێکی گوێزراوەیە ، ڕاستە لە کۆندا کورد خەباتی کردووە و خوێنی رێشتووە دژی داگیرکەران بۆ سەندنی مافەکانی ئەمەش خۆی لەبابەتی (خۆشەویستی نیشتمان و بابتێکی نەتەوایەتی) دەبینێتەوە کەاوتە وەك (فیکرە) هەبووە ، بەڵام وەکو نواندنی پراکتیکی (بیری نەتەوەیی ) لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی یەوە هاتۆتە ناو نەتەوەی کورد وەك رێبازێکی سیاسی بۆ داکۆکی کردن لەمافی نەتەوەی چەوساوە .

٢-بەرەنگاربوونەوە لەناو کورددا مێژوویێکی دوورو درێژی هەیە ، دەگەڕێتەوەبۆ ئەو کاتەی کە مرۆڤ بۆمانەوەی لەسروشت بەرامبەر بەدیاردەکانی ناو سروشت جەنگاوە و بەرەنگاری برسییەتی و ئاژەڵی درندە ...تاد و بەڵام لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی و دوای ئازادبوونی گەلانی ناوچەکە بەرنگاربوونەوە شێوازێکی تری وەرگت ئەویش قۆناغی گواستنەوبووله (بەرەنگاری فیکری ) بۆ (بەرەنگاربوونەی چەکداری) .

٣- چیرۆکەکانی چیرۆکنووس(عەبدوڵلا ئاگرین) بەدوو قۆناغ دەست پێدەکات ، قۆناغی یەکەم قۆناغی سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی یە بەشێوازی ئاشکرا کە ناوی پیرۆزی پێشمەرگە و پێکدادان وشەڕ و خۆبەختکردن دەهێنێت و شانۆی ڕووداوەکانیش کوردستانە ، بەڵام قۆناغی دووەمی نوسینیەکە دەبێتە بەرەنگاربوونەوە دژی داواکاریانەی کە چیرۆکنووس لەناو کۆمەڵگا هەستی پێکردووە و لەمیانی چیرۆکەکانی ڕەخنەی لێگرتووە وویستویەتی بیگۆڕێت .

٤- لەنێو چیرۆکەکانیدا لەپاڵ کارەکتەری پیاو زیاتر رۆڵی کارەکتەرانی داوەتە ئافرەتان ، ئەمەش پەیامێکە بۆئەوەی کە کۆمەڵگا بەچاوێکی سووك سەیری ئافرەتی کوردی کردووە ، بۆیە چیرۆکنووس نیشانی دەدات کە هێزو بازووی ئافرەت هیچی لەهی پیاو کەمتر نییە و بەشداری دەکات لە کۆڕی خەبات و خزمەتکردنی کۆمەڵگا بۆیە بەرەنگاری ئەو بیرە نێگەتیڤیانە بۆتەوە ، کە کۆمەڵگا لەو سەردەم بەئافرەتی بەخشیوە .

(سەرچاوەکان )

**یەکەم : بەزمانی کوردی :**

**أ-کتێب :**

١-ئەکرەمی مهرداد ، ناسیۆنالیزم(گۆرانکاری ، تیۆری ، ڕەخنە) ، بڵاوکراوەی مەکتەبی بیرو هۆشیاری ، سلێمانی ، ٢٠٠٦.

٢- ئۆسکارمان ، ( تحفه المظفرية) بەزمانی کوردی موکری –بەشی یەکەم ، و: هێمن موکریانی ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا . ١٩٧٥.

٣- د.ڕەفیق سابیر ، کلتور وناسیۆنالیزم ، چاپخانەی تیشك ، سلێمانی ، ٢٠٠٨ .

٤- د..سەلام ناوخۆش، ناسیۆنالیزمی کوردی و زمانی کوردی ، نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاووکردنەوە و ڕاگەیاندن ، هەولێر٢٠١٦

٥- د .صادق بەهائەددین ئامێدی ، دیوانا مەلایێ جزیری _ چاپا ئێکێ ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا ،١٩٧٧.

٦-د. عەبدوڵلا یاسین ئامێدی ، هۆنراوەی بەرگری بەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی ژووروودا (١٩٣٩-١٩٧٠) ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ٢٠٠٤.

٧-د. مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی دووەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ٢٠٠٢.

٨- سابیر ڕەشید ، چیرۆکی کوردی (ڕەخنە و لێکۆڵینەوە )چاپخانەی رۆشەنبیری، هەولێر،٢٠٠٥.

٩- شوان عوسمان نوری ، بنیاتی ڕووداو لە کورتە چیرۆکی هونەری کوردیدا بەنمونەی (کۆی کورتە چیرۆکەکانم) ی عەبدوڵلا ئاگرین ، چاپی یەکەم ،هەولێر٢٠٢٠.

١٠- عەبدولحەمید حوسەینی سەپان ، دمدم و حەماسەی خانی لەپ زێرێن ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ئینستیوتی کەلەپووری کورد ، سلێمانی ،٢٠١٧.

١١- عەبدولڕەحمان زەبیحی، قاموس زبانی کوردی –بەرگی دووەم ، چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا ١٩٧٩

١٢- عەلائەدین سوجادی ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بڵاوکراوەی کوردستان ، سنە . ١٣٩١

١٣-عەبدوڵلا ئاگرین ،کۆی کورتە چیرۆکەکانم، چاپی یەکەم ، چاپخانەی رۆژهەڵات ، هەولێر٢٠١٣

١٤- قەیس جەواد ئەلعەزاوی،ڕەگ و رێشەی ناسیۆنالیزمی تورکی، و:د.موحسین ئەحمەدعومەر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی٢٠٠٧

١٥- کامەران موکری ، ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردی ، بەشی یەکەم ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر١٩٨٤

١٦- محەمەد ئەمین ئۆسمان،(مەم وزین)ی ئەحمەدی خانی ، چاپا ئێکێ ، چاپخانەی الجاحظ، بەغدا ،١٩٩٠ .

١٧-هەژار موکریانی، هەمبانە بۆرینە ، فرهنگ کردی –فارسی ، تهران ١٣٦٩

١٨- هەیاس مەحمود کاکەیی ، بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە باباتاهیری هەمەدانی و چوارینەکانی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی شەهاب ، هەولێر . ٢٠١٠ .

**ب-گۆڤارەكان :**

١٩-د .عزەدین مستەفا ڕەسووڵ ، (١٩٨٤) ،ناوەرۆكی سیاسی و كۆمەڵایەتی چیرۆكی كوردی ، گۆڤاری (كاروان) ژمارە (١٩) ساڵأی ١٩٨٤ .

**دووەم : بەزمانی عەرەبی :**

٢٠- د . كريم مهدي المسعودي، الواقع الفلسطيني في رواية غسان كنفاني وجبرا ابراهيم جبرا (دراسة نقدية في الادب ) ، ط ٢ ، ديمشق (٢٠١٤)

٢١- د .عبدالوهاب الكيالي، الموسوعة السياسية، ج ٣ ، دارالهلال ، بيروت ،١٩٩٧.

٢٢-د. نافع عقراوي ، من الادب المقاومة الايراني ، مطبعة الثقافة، اربيل ، ١٩٨٤ .

٢٣-غسان كنفاني ، ادب المقاومة في فلسطين المحتلة (١٩٤٨-١٩٦٦) ، ط ٢ ، نيقوسيا – قبرص، (٢٠١٤)

**(ملخص البحث)**

تمثل هذة الدراسة بحث نقدي و تطبيقي محاولة علمية وأكاديمة للتعرف على الفكر القومي والمقاومة في القصة القصيرة الكوردية ، وتم الدراسة على هذا الجانب من الناحية النظرية والتطبيقية ل(كۆی كورتە چیرۆكەكانم ) للقاص (عبدالله ئاگرين) .

يعتبر الفكر القومي والمقاومة من سمات الادب الثوري من الادب الكردي المعاصر ، يدور احداثه حول النضال والكفاح للشعب الكوردي من أجل المحافظة على المسألة والهوية القومية ، من هنا اسطاع القاص ببراعة أن يصور المواقف والجوانب اللتي مربها الشعب الكوردي من خلال نضاله ، و من محتوى قصصيه نقل لنا واقعية المجتمع المضتهد في القرن الماضي ، وأيضا نجد الانتقاد للمجتمع ورد الفعل للسلطة الاقطاعية اللتي عانا منها شعبنا .

يتكون هذا البحث من فصلين ، الفصل الاول قمنا بالضوء على القومية و الصفة القومي والهوية القومية ومفهوم الفكرالقومي وأمتداده عبر التاريخ ، وايضا تحدثنا عن مدي أنعكاس هذة الفكرة في الادب الكوردي ، وبعدها أشرنا الى مفهوم المقاومة و تاريخ امتدادها وأنعكاسه على الادب الفولكلورى الكوردى واخترنا (الملحمة البطولية) من بين جميع المواد الموجودة ، وفي الفصل الثاني تناولنا حول تطبيق الفكر القومي ومدى تاثرة على القاص وايضا وضحنا مفهوم المقاومة الموجودة لدى قصص القاص المذكور ، و أشرنا الى جانبين من المقاومة وهما (الثقافية والسلطة) ، معتمدين على مجموعة من الامثلة المتخذة من نصوص القصصية للقاص ...

Abstract

This study represents a critical and applied research, a scientific and academic attempt to identify the nationalist thought and resistance in the Kurdish short story, and the study was done on this aspect from the theoretical and practical point of view of ( the collection of my short stories) by the narrator (Abdullah Ağrin).

Nationalist thought and resistance are among the features of the revolutionary literature of contemporary Kurdish literature, its events revolve around the struggle and struggle of the Kurdish people in order to preserve the issue and national identity. We have the realism of the oppressed society in the last century, and we also find the criticism of society and the reaction to the feudal authority that our people suffered from.

This research consists of two chapters, the first chapter we shed light on nationalism, national character, national identity and the concept of national thought and its extension throughout history. Heroic) is among all the existing materials, and in the second chapter we dealt with the application of national thought and the extent of its impact on the storyteller. .

National thought and Resistance in Kurdish Short Story as exemplified by(the Collection of my short stories by Abdullah Agrin)

Edit by - Suprevised by
Aram Muhammad Abdullah
Prof .Dr. Abdullah Agrin